# چارەنووسی جەگرەوەی حەسەن نەسرولڵا نادیارە دوای بەشداری کۆبونەوەیەکی باڵای حیزبولڵا و هیچ هەواڵێکی لەسەر نییە

تا ئێستا چارەنووسی جەگرەوەی حەسەن نەسرولڵا نادیارە کە شەوی ڕابردوو بەشداری کۆبونەوەیەکی باڵای حیزبولڵای کردووە و تا ئێستا هیچ هەواڵێکی لەسەر نییە.

کەناڵی چواردەی ئیسرائیلی، دەربارەی ڕووداوەکە ڕایگەیاندووە، شەوی ڕابردوو سوپای ئیسرائیل لە گەڕەکێکی باشووری بەیروت هاشم سەفیەدین کە بڕیاربوو ببێتە جەگرەوەی حەسەن نەسرولڵا وەک ئەمینداری گشتی حیزبولڵای لوبنان کردەتە ئامانج و تائێستاش چارەنووسی نادیارە.

تائێستا حیزبولڵای لوبنانی لەبارەی ڕووداوەکە هیچ زانیارییەکی فەرمی بڵاو نەکردووەتەوە.